

# شاعیری شێعره ناسکەکان بەجێی هێشتین

بەرەبەیانی ئەمرۆ سێ شەممە یەکی سەرماوەزی ساڵی 2705 ،(22.11.2005) دڵی پڕ لە هەست و شاعیرانەی شاعیری دڵ پاک و شاعیری شێعره نازدارەکان، عومەر سوڵتانی(وەفا) لە زێدی خۆی بۆکان،بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.
نووسەران و هاوکارانی ماڵپەری رۆژهەلات بە بیستنی ئەم هەواڵە ژانێکی پڕ لە ئازار بۆتە میوانیان.
کاک عومەر کە برا گەورەی نووسەری بەرزی کورد کاک ئەنوەر سوڵتانیە، زۆر زوو بەجێ هێشتین. ئەو بۆ هەرکام لە ئێمە کە لە بواری فەرهەنگی و سیاسی لە شاری بۆکان کارمان دەکرد، نە تەنیا دۆست و ناسیاو بوو، بەڵکوو لە رۆژە رەشەکانی رژیمی شاهەنشاهی دا پشتیوانێکی جێگای متمانە بوو.
مەرگی کاک عومەر بۆ جیهانی فکر و شێعر و وشەی ڕەسەنی کوردی خەسارەتێکی گەورەیە، کە بێ گومان جێگای پڕ ناکرێتەوە.
گۆرستانی پڕ لە بوێژ و هونەرمەند و شەهیدانی گەل و نیشتمانی شاری بۆکان، سەرئەنجام لەشی پڕ لە ئازاری"وەفا"شی لە ئامێز گرت، ئەو کە لە یەک دوو ساڵی رابوردودا لە نێوان مەرگ و ژیاندا، دەژیا. کاک عومەر وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی فەرهەنگ و هونەر و وێژەی کوردیدا زیندوو دەمێنێ.
ئێمە کارگێڕانی ماڵپەری رۆژهەلات- بۆکان هاورێ لە گەڵ هەموو شاعیران و بوێژان و هونەرمەندانی کورد، کاک ئەنوەری فره ئازیزمان کە هاوکار و مامۆستامان بووە، لە گەڵ هەموو خەمە گەورەکانی لە ئامێز دەگرین و هیواداریین ئەو و سەرجەم بنەماڵەکەی و دایکی زۆر بەرێزی ئاخر خەمیان بێت و پەژاره دور بێت لە ژیانیان. پڕ بە دلیش هاوپرسە و هاوخەمیانین.

ماڵپەری رۆژهەلات – بۆکان